


# دیالۆگ، پرۆژەیەکی هونەری سەیوانی سەعیدیان

**ئارام سدیق- سلێمانی**

بڕیارە رۆژانی (23-25\11\2006) بۆ رەخنەگرتن لە دەسەلاَت و قەیرانە خودیەکانی تاك و خستنە ڕووی هەندێك لە کێشەهەنووکەییەکانی ژیانی تاکی کورد لە پرۆژەیەکی هونەری هونەرمەند سەیوانی سەعیدیان لە هۆڵی مۆزەخانەی نیشتیمانی (ئەمنە سورەکە)ی شاری سلێمانی بەناوی (دیالۆگ) پێشکەش دەکرێت، ئەم بەرهەمەی سەیوانی سەعیدیان کارێکی نوێیە و باس لەو نەهامەتی و قەیرانە رۆحی و فیکریەی تاکی کورد دەکات و لەهەمانکاتدا نکۆڵی لە بوونیشی دەکات.

دەربارەی ئەم پرۆژەیەش هونەرمەند لە لێدوانێکی تایبەت وتی: دیالۆگ پرۆژەیەکی هونەرییە ولە پێشانگەیەکدا خۆی دەبینێتەوە و بەرهەمێکی رەخنەگرانەیە لە شەش تابلۆی زیندوودا و بیرۆکەی تەواوی کارەکە خۆم خاوەنیم و بەلاَم چوار هونەرمەند هاوکاریم دەکەن و ئەوان ئەرکی بەرجەستەکردنی دەگرنە ئەستۆ.

شایانی باسە ئەم پرۆژەیەی سەیوانی سەعیدیان پرۆژەیەکی نوێی هونەرییە لەنێوان شانۆ و شێوەکاریدا هونەرمەند هەوڵی بەستنەوەی ئەم دوو هونەرە دەدات بەیەکەوە، هەروەها سەیوان لەم کارەیدا دەیەوێت لە زەمەنی بێدیالۆگیدا "دیالۆگ"ێك بخولقێنێ لەمەڕ قەیرانەکانی ژیانی تاك لە کۆمەڵگەی کوردیدا.